# هەواڵ هەواڵ

## ڕانیە: داوای یاسایی لەسەر کۆنە مستەشارێک تۆمار دەکرێ

ڕۆژی 2006-12-24 وڵاتیەکی خەڵکی ڕانیە بەناوی عەبدوڵڵا تاهیر کەسایەتی شوعی ناوچەکەیە داوایەکی یاسایی لەسەر عەباس بایز ئاغا کۆنە مستەشاری ڕژێم تۆمار کردووە، بەهۆی ئەوەی لە 25-8-1982 کوڕێکی کە ناوی( فەرهاد)بووە تەسلیم بە ڕژێم کردووەو ساڵی 1985 لە بۆسکێن گوولله باران کراوە.

## ژنێک داوای قەرەبوو لە سەرۆک کۆمار دەکات

ژنێک بەناوی (بەهیە قادر ئیبراهیم) بەهۆی ئەوەی ساڵی 1985 لەکاتی دروستکردنی بەنداوی دووکان زیانی پێکەوتووەو زەوی گوندەکەیان ژێر ئاو کەوتووە، هەر ئەوکات 500 مەتر دوجای لە چوارقوڕنە پێدراوەتەوە، بەڵام ئێستا بە فەرمانی بەرپرسێک، بەبێ پرس کارگەی بلۆکی لێدانراوەو هیچ حیسابێک بۆ خاوەن زەویەکە ناکەن، ئەویش لەو پێوەندیەدا داخوازینامەیەکی بۆ سەرکۆمار ڕەوانە کردووەو خواستوویەتی کە لەجیاتی زەویە ژێر ئاوکەوتووەکەی یان لە جیاتی ئەو زەویەی کە ئێستا دەستی بەسەرداگیراوە قەرەبوو بکرێتەوە.

## بە هۆی بە هەڵە خواردنی دەرمان گیان لەدەست دەدات

ڕۆژی 2006-12-23 وڵاتی (خ. ئاغا) نیشتەجێی بەریتانیا بەهۆی بەهەڵە خواردنی دەرمان گیان لە دەست دەداو ڕۆژی 2-1-2007 تەرمەکەی بۆ کوردستان هێنرایەوەو لە ڕانیە بە خاک سپێردرا. شیاوی باسە ناوبراو لە بنچینەدا خەڵکی ڕانیە بووە.

## هەوڵی کوشتنی کچێک دەدرێ

بەگوێرەی هەواڵ ئێوارەی ڕۆژی 2006-12-28 لە گەڕەکی نەورۆزی قەزای سۆران کچێکی تەمەن 24 ساڵ بە ناوی (ن.خ) لە ئەنجامی کێشەیەکی خێزانی تووشی شڵەژانی دەروونی دەبێت و دەچێتە سەر بانی ماڵەوەیانەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوە بەسەختی بریندار بوو دواتر لەلایەن کەسوکاری گەیاندرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران ڕێوشوێنی پزیشکی بۆ کرا.

## ئازادکردنی زەوی فرۆشەکانی شارەوانی ناڕەزایی لێکەوتەوە

ماوەیەک لەمەوبەر بەتۆمەتی فرۆشتنی زەوی شارەوانی سێ فەرمانبەری شارەوانی ڕانیە و دوو کەسی دیکە دەستگیرکرابوون و ڕەوانەی دادگە کرابوون، بەڵام ڕۆژی 2006-12-26 بە کەفالەت ئازادکران.

خەڵکی دەڤەرەکە لە ئازادکردنی ئەو تۆمەتبارانە نیگەرانن و پێیانوایە کە دادوەری لەژێر پێنراوە، دەنا نەدەبوو بە کەفالەت ئازادبکرێن. هەر لەو پێوەندیەدا خەڵک دەخوازن کە لێپرسینەوەیەکی ورد و دادپەروەرانە بکرێ، کاتێ تۆمەتەکان ساغ بوونەوە، سەرپێچیکارەکان سزا بدرێن و مافی خەڵکیش بسەندرێتەوە.

## قایمقامی ڕانیە ڕەخنە لە دابەش نەکردنی شوقەکان دەگرێت

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون چەند شوقەیەکیان لە شاری ڕانیە دروست کردووەو بڕیار وابووە بە خۆڕایی بەسەر کرێچی و بنەماڵە هەژارو کەمدەرامەتەکانی شارەکە دابەش بکرێن، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە نرخێکی زۆر گرانیان بۆ دیاری کراوە، ئەمەش لە توانای خەڵک دانییە، بەهۆیەوە تەنیا بنەماڵە دەوڵەمەندەکان دەتوانن لێیان سوودمەند ببن. لەم پێوەندیەدا ڕۆژی 26-12-2006 قایمقامی ڕانیە لە نووسراوێکدا بە توندی ڕەخنەی لە لایەنە پەیوەندارەکان گرتووەو داوای کردووە تا کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێ، دەبێ بە نرخێکی گونجاو و هەرزان و بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بەسەر بنەماڵە هەژارو کەمدەرامەتەکانی شارەکە دابەش بکرێن.

## بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە وڵاتیەک دەکوژرێ

ڕۆژی 1-1-2007 لەشارۆچکەی کفری بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە کە لەنێوان دوو خێزانی شارۆچکەکەدا ڕوویدا وڵاتیەک کوژرا.

لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی نزیک لە ڕووداوەکە، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو وڵاتیەی کوژراوە ناوی (ئەمجەد سەلاحە) و هاوکات برای بکوژی ناوبراو بەناوی (فەرەیدون ئیبراهیم) بریندار دەبێ.

## لەمەودوا لەچۆمان لەدژی بەرپرسەکان ئیمزا کۆدەکرێتەوە

ڕۆژی 2006-12-22 لە قەزای چۆمان مامۆستا عەبدلرەحمان، وتارخوێنی مزگەوتی گەڕەکی دیلزە ڕەخنەی لە سیاسییەکانی کورد بەرانبەر بە ئەمریکا گرت و داوای هۆشیار بوونەوەی لێکردن، ناوبراو پێیوایە کە بەرپرسەکان لەبەرانبەر پرس و چارەنووسی خەڵک بێتوانان، بەوهۆیەوە داوای لە خەڵک کرد کە چیتر لە بەرپرسانی کەمتەرخەم قەبوڵ نەکەن، ئەو راشکاوانە ڕەخنەی لە دەستەڵاتداران گرت کە ئەمریکایان وەک فریادرەس پێشان دەدا و پشتگیریان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکرد.

مامۆستا عەبدولڕەحمان بە خەڵکی چۆمانی ڕاگەیاندووە هەر بەرپرسێک لەئاستی خزمەتگوزاری وڵاتیان نەبێت، پێویستە ڕەخنەی لێبگیرێ و ناڕەزایی پێشان بدرێ و لە ڕێگەی ڕۆژنامە ئەهلییەکانەوە ئاگاداربکرێتەوە، ئەگەر بەخۆی دانەچووەوە پێویستە ڕێگەی ئیمزا کۆکردنەوە بگیرێتەبەر و پۆستەکەی لێبسەندرێتەوە.

## چوارقوڕنە: بەنزینخانەیەک کێشە دەنێتەوە

بەگوێرەی هەواڵ بە بڕیاری شارەوانی چوارقوڕنە، بەنزینخانەیەک بە قەبارەی 4000 مەتر لەنێوان پێشانگەکان و کلکەی کۆلۆن دروست دەکرێ، ئەمەش بووەتە مایەی دڵتەنگی و ناڕەزایی وڵاتیانی نزیک لەم پرۆژەیەو بەکارێکی باشی نازانن کە بەنزینخانە لە نزیک ماڵان دروست بکرێ و ئەم زەوییە زۆرەی بۆ تەرخان بکرێ، لە کاتیکدا وڵاتیانی شارۆچکەکە خەریکی خانوو دروستکردنن و بەنیازی وەرگرتنی زەوی نیشتەجێن لەم سنوورەدا. هەر بۆیە هەموویان هەڵوێستیان یەکخستووە و دەیانەوێ ڕێگە بەدروستکردنی بەنزینخانە نەدرێ. خەڵک پێیوایە سەرباری مەترسی ئاگرکەوتنەوە، بۆنی بەنزین خەڵکی گەڕەکەکە هەراسان دەکات.

## سەقز: نەبوونی گاز ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

کاتژمێر 10ی ڕۆژی 2007-1-3 ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە نەبوونی گاز، خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بەڕێوەبرد. سەرەتا ژمارەیەک خەڵک لەبەردەم فەرمانداری شاری سەقز کۆبوونەوە، پاشان لە فەرمانداریەوە بەرەو بنکەی شورای شار ڕۆیشتن، لەوێشەوە بەرەو گۆڕەپانی هەڵۆ و گۆڕەپانی ئازادی درێژەیان پێدا.

لە گۆڕەپانی ئازادی ڕێپێوانەکە بەرفراوانتر بوو، لەبەر ئاپۆڕەی خەڵک ڕێگەکان داخران و ئۆتۆمۆبیلەکان لە هاتووچۆ کەوتن. دواتر خۆپیشاندەران بەرەو فەرمانداری گەڕانەوە، درێژەیان بە خۆپیشاندانەکەیان دا، ئەوان حکومەتیان بە نەناردنی گاز بۆ کوردستان تۆمەتبار دەکرد و ڕەخنەیان دەگرت و ناڕەزاییان دەردەبڕی.

شیاوی باسە کە شاری سەقز و ژمارەیەکی دیکەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕایلکەی سەرانسەری گازی ئێرانەوە گرێدراون، بەڵام زستانان جاروبار لە ناوەندەوە گازەکەیان لەسەر دەگیرێتەوە و خەڵکەکە تووشی گیروگرفتی زۆر دەبن.

ئێستا نزیکەی حەفتەیەک دەبێ کە گاز ناگاتە ژمارەیەک لە شارەکانی کوردستان، ئەمەش دانیشتووانی هەراسان و بێزارکردووە، بەهۆی سەرماو سۆڵەوە تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر یەخەی خەڵکی گرتووە.

## چۆمان: یەکێتی زانایان ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن

بەگوێرەی هەواڵ یەکێتی زانایانی چۆمان نووسراوێکیان ئاراستەی پەروەردەی چۆمان کردوو ناڕەزایی خۆیان لە دابەش کردنی بڵاوکراوەی (تەبشیری) دەربڕیوە کە ماوەیەکە بەخۆڕایی بەسەر خەڵکی دەڤەرەکەدا دابەش دەکرێ. جێگەی باسە ڕۆژی 26-12-2006 نووسینگەی هەولێری کۆمەڵەی کتێبی پرۆز لە ناحیەی سمێلان و گوندەکانی دەوروبەری چەندین بڵاوکراوەی (تەبشیری) بەسەر فێرخوازان دابەش کردووە کە بۆچوونی ئایینی مەسیحی ڕوون دەکەنەوە، ئەمەش دڵتەنگی و نیگەرانی لەلایەن هەندێک مامۆستای ئایینی و وڵاتیانی ناوچەکە دروستکردووە، بە کارێکی نێگەتیڤی بەرامبەر ئایینی ئیسلام لێکدەدرێتەوە، ئەوان پێیانوایە کە خەڵکی ناوچەکە هەستی بریندار دەکرێ. لەو پێوەندیەدا داواکراوە کە نابێ دووپات بکرێتەوەو جارێکی دیکە ئەو بڵاوکراوەیە بگاتە دەڤەرکەیان.

## ئەوەی حەمەسەعید حەسەنی بریندار کردبوو، دەستگیر دەکرێ

هەواڵەکان: ڕۆژی 4-1-2007 بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس لە سلێمانی ئاشکرای کرد کە تۆمەتبار غەفور حەسەن، کە مانگی ئەیلوولی ڕابردوو تەقەی لە حەمەسەعید حەسەنی برای کردبوو، دەستگیرکراوە. بەگوێرەی هەواڵ ڕۆژی 3-1-2007 مەفرەزەیەکی پۆلیس توانیویانە حەمەغەفور حەسەن کە بە بریندارکردنی نووسەر حەمەسەعید حەسەن تۆمەتبارکراوە، لەنێو شاری سلێمانیدا دەستگیربکەن. شیاوی باسە بە بڕیاری دادوەر ڕاگیراوەو لێکۆڵینەوەی سەرەتایی لەگەڵ کراوە، واچاوەڕوان دەکرێ کە ئەمڕۆ یەکشەممە بەمەبەستی ئاشکراکردنی هۆکاری تەقەکردن لەبراکەی لێکۆڵینەوەی زیاتری لەگەڵدا بکرێ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە چوار مانگ لەمەوبەر لەنێو شاری سلێمانیدا تەقەی لە براکەی کردبوو، برینداری کردبوو.



## لە هەندەران دەژی و لە کوردستان ئاژاوە دەنێتەوە

وڵاتییەکی شەقڵاوە بەناوی (ب. ح. ئاغا)ماوەی 9 ساڵە لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێییە، کەسوکارەکەی کچێکی خزمی خۆیان کە ناوی(ش) و لە شاری موسڵ دادەنیشێ بۆ هاوسەری بۆ دەستنیشان دەکەن. بەهۆیەوە کوڕەکەو کچەکە ڕێگەیان دەدرێ کە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ یەکتر بدوێن و پێوەندی نێوانیان گەشە پێبدەن. دواتر کوڕەکە هاوکاری ماددی بۆ کچەکەو کەسوکارەکەی ڕەوانە دەکاتەوە، دایکی کوڕەکە پێیناخۆش دەبێ، بۆیە گرفت لەنێوانیان دروست دەکات و کوڕەکەی خۆی پەشیمان دەکاتەوە، سەرەنجام کوڕەکە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە وازهێنانی خۆی بە کچەکە ڕادەگەیەنێ و داواشی لێدەکات ئەو پارەیەی کە بۆی ناردۆتەوە بۆ دایکی بگێڕێتەوە. بەوشێوەیە کێشەو گرفت لەنێوان هەردوو بنەماڵەدا دروست دەبێ. بنەماڵەی کچەکە ئەمە بە هەتکردن و گاڵتەپێکردن لێکدەدەنەوە و بەدوای تۆڵەکردنەوەدا دەگەڕێن، لەو پێوەندیەدا هەڕەشەی کوشتن لە کوڕەکە دەکەن ئەگەر بگەڕێتەوە کوردستان، هەروەها لەبەرانبەر ئەو گاڵتەپێکردنەدا داوای دوو دەفتەر دۆلار دەکەن.

### سوپاسنامە

بەناوی کارگێڕی مامۆستایان و فێرخوازانی فێرگەی (خاک)ەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە بەڕێزان قایمقامی چەمچەماڵ و سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ دەکەین کە ڕۆژی 2006-12-24 پێداویستی پێشانگەی هونەریان بۆ فێرگەکەمان دابین کردبوو، بە دیاریەوە بەشدارییان لە پێشانگەکەماندا کردبوو، دەخوازین تەمەنیان درێژو نموونەیان زۆربێ.

**کارگێڕی مامۆستایان و فرخوازانی فێرگەی خاک- چەمچەماڵ**

# هەواڵی سەیر

* ڕۆژی 2006-12-28 لە نزیک شاری کەرکوک، کەسێک کە خەریکی کاری ڕابواردن لەگەڵ کچێکی تەمەن 14 ساڵی فێرخوازی پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەبێ، دەگیرێ. کەسەکە لەلایەن ئەوەی گرتوویەتی لێیدەدرێ، کەسەکە خۆی دەرباز دەکات و بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە بازگەی ڕێگەی سلێمانی و شکات لەوە دەکات لەلێی داوە. بە پۆلیسەکان دەڵێ: من (نەقیب)م! ئەو کەسە بگرن کە لە منی داوە، ئەویش هەویەکەی دەردێنێ و پێیدەڵێ: ئەگەر تۆ نەقیب بیت، ئەوە من(ڕائید)م و وازت لێناهێنم ،دەبێ تۆو ئەو کچە بە دادگەی سلێمانی بدەم!

*لە بەنزینخانەی (10) ی نیسان هەموو جارێک ئەو بڕە ڕۆنەی ئۆتۆمۆبیل کە دێت بۆ هاوڵاتیان لەلایەن پۆلیسەکانی دەستەی پارێزگاری کەرکوک بەنرخی حکومی دەپێچرێتەوەو ئاو بە ئاو دەڕوات.

* ڕۆژی 2006-12-29 لە ئەنجامی ڕێککەوتنی پۆلیسێکی بەنزینخانەی شۆڕیجەی کەرکوک لەگەڵ شۆفێرێکی قاچاخچی لەسەر نرخی خستنە ژوورەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی، بە دەمانچە تایەی سەیارەکەی دەتەقێنێ، ئەمیش دیارە پشتی قایم بووە بۆیە سەیارەکەی ناجوڵێنێ و لە ماوەی (20) خولەک دا مەفرەزەیەکی پۆلیس دێنێ و ئەو پۆلیسە دەبەن. بەڕاستی پاراستنی شارو بەنزینخانە هەروا دەبێ.

*لە ماوەی یەک مانگدا (3) نانەواخانە بەهۆی خراپی نەوتەوە دەتەقنەوە. ڕۆژی 2006-12-27 لەگەڕەکی ئازادی شاری کەرکوک پریمزی نانەواخانەیەک دەتەقێتەوە، نانەواخانەکەو شاگردو هەندێک لەوانەی ڕیزیان گرتبوو،بەر کڵپەی ئاگر دەکەون و زامدار دەبن. هۆکاری ئەو تەقینەوانە ئەوەیە کە تەنکەرەکان هەر جارەی جۆرێک سووتەمەنییان تێ دەکرێ، لەوانەیە هۆکاری خراپی ئەو نەوتانە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ.

* یەکەمین شەوی ساڵی نوێ خێزانێک لەگەڕەکی پیریادییەکانی ناحیەی شۆڕش بەهۆی غازی فانۆسەوە دەبووڕێنەوە. پیاوەکە بەڕێککەوت هەڵدەسێ و سەیری ژووری منداڵەکان دەکات، تەماشا دەکا (هیس) ژوورەکەی ڕەش کردووەو هەموو منداڵەکان بووراونەتەوە، دەستبەجێ هانا بۆ دراوسێکانی دەبات، ئیتر بەپەلە بۆ نەخۆشخانە دەیانگوازنەوە. شەوی یەکەمی ساڵی نوێ لە وڵاتان دەبێ بە چراخان کەچی لە لای ئێمەش تاریکستانە، لەبەر هاڵاوی فانۆس منداڵ دەبورێنەوە!

* ڕۆژی 2006-12-24 فێرگەی (خاک) لە چەمچەماڵ پێشانگەیەکی هونەری بۆ فێرخوازان کردەوە. بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشتی سەرجەم دام و دەزگە حکومیی و حزبییەکانی شارەکەی کردبوو، هەرچەندە کارتی تایبەتی بانگهێشتکردن بۆ هەردوو بەرپرسەکەی دوو حزبە دەستەڵاتدارەکەی ناوچەکە ڕەوانە کرابوو، بەڵام بەداخەوە نەهاتبوون!